# تەنها سەیری ئەم وێنانەی هەڵبجە بکەن ، ئینجا دەزانن چەندە یەکێتی و پارتی درۆزنن

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کە یەکێتی و پارتی باسی هەلەبجە دەکەن ، من یەکسەر ختوولکەیەکی حەزینم بۆ دێت . ئاخر من باش دەزانم چەندە ئەو دوو حیزبە بەرامبەر بەو شارە قارەمانە تاوانبارن . ئەوان هەڵەبجەیان تەنها وەکوو **( بەرماڵێک)** بۆ سواڵکردن بەکارهێناوە. ئایا چۆن دەبێت هەڵبجە بەم وێرانیە بێت؟! ئەی باشە ئەم هەموو بارە دۆلارو دیناری علوجە ، چ گیرفانێکی قووڵە دەیگرێتە خۆی؟! ئەم هەموو گریان و لووشکە لوشە چی یە بە درۆ بۆ هەڵەبجەی دەکەن ؟! ئایا ڕەوایەماڵەکەی عومەری خاوەر کەلاوەیەکی وێران بێت ؟! ئایا ڕەوایە مەسئوولەکانیش لە ( فیرعەون ئاوا و دۆلار ئاواو ئاڵتون ئاوا ) بژین ؟! من هیچی تر ناڵیم تەنها با ئەم وێنانە باسی تراژیدیای ئەو شارەتان بۆ بکەن .





















وێنەکان لە رۆژنامەی جەماوەر، وەرگیراون